# توێژینەوەی حاڵەت

بانگەوازێک بۆ رێگەچارەیەکی جیاواز و هەنووکەیی هاوبەش بۆ دیاردە ئاڵۆزەکانی هەڵخەڵەتاندنی سێکسی ئەو منداڵانەی کە لە ژینگەی رێکخراوەکانی کاری مرۆیی ژیان دەکەن

## هەرێمی کوردستانی عیراق



ecpat

**سوپاسگوزاری**

**ڕێکخراوی "ئێکپات ئینتەرناشناڵ" سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکات کە بەشدارییان لەم توێژینەوەیەدا کردووە**

**تیمی توێژینەوە**

**هەرێمی کوردستانی عێراق - دەزگای ژیان بۆ مافەکانی مرۆڤ:** بلّند بارزان ئەمین (دکتۆرا لە پەرستاری تەندروستی خێزان و کۆمەڵگا، کۆلێژی پەرستاری، زانکۆی ڕاپەڕین)؛ شەیما خەلیل ئیبراهیم (چارەسەرکاری دەروونی)؛ وارچین سەرحان محۆ (پسپۆری دەروونی)؛ شۆڕش خالید محەمەد (پسپۆری دەروونی)؛ بەختیار هادی حەسەن (پسپۆری دەروونی)؛ شێنێ محەمەد ئەحمەد (پسپۆری دەروونی)؛ چنار سیروان ئەحمەد (بەرپرسی چاودێری و تەندروستی تێکشانی دەرونی)

**لە ڕێکخراوی "ئێکپات ئینتەرناشناڵ:** غەزال کەشاڤەرزیان، ڕاوێژکاری سەرەکی ، سێندرین کۆنستانت بەڕێوەبەری توێژینەوە و فێربوون و پەیوەندییەکان.

**گرووپی ڕاوێژکاری**

سوپاسێکی تایبەت بۆ ئەو کەس و ڕێکخراوانەی کە زانیاری و شارەزایی خۆیان لەم کارەدا بەکارهێناوەو بەشداربوونە، وەک بەشێک لە گرووپی ڕاوێژکاری پسپۆڕان، و بە تایبەتی مارک کاناڤیرا، هاوسەرۆکی پێشووی تۆڕی فێربوونی چاودێری و پاراستنی منداڵان (CPC)؛ کاترین گامبیر (توێژەری باڵا، یەکسانی جێندەری و گشتگیری -کۆمیسیۆنی پەنابەرانی ژنان)؛ کامیلا جۆنز (جێگری بەڕێوەبەری هاوپەیمانی بۆ پاراستنی منداڵان لە کاری ڕێکخراوی مرۆیی)؛ کلیا کان (پەیمانگای نێودەوڵەتی توێژینەوەی کۆمەڵایەتی، پڕۆژەی ListenH)؛ فاسیل دەبلّیو مەریەم کیدەین (بەڕێوەبەری جێبەجێکار، سندوقی ڕێگریکردن تونلوتیژی دابینکردنی مافەکانی منداڵان- CRVPF)؛ فەیس ک. نیمینێ (ڕاوێژکاری باڵا، کاروباری مرۆیی - هاوپەیمانی سندوقی منداڵان)، داشاکتی ڕێدی (ڕاوێژکاری باڵای مرۆیی - SGBV، منداڵان ڕزگار بکە) بلێرت سپاهیو (بەرپرسی کەرتی پاراستنی منداڵان، دامەزراوەی تێرێ دیس هۆمس)؛ کۆرنێلیۆس ویلیامز (شارەزای جیهانی پاراستنی منداڵان).

ئەو بیروبۆچوونانەی لەم کارەدا نیشان دراون بەرپرسیارێتیەکەی تەنها لەسەر ڕێکخراوی ئێکپات ئینتەرناشناڵە و ڕەنگدانەوەی هەڵوێستی ئەو پسپۆڕانە نیە کە بەشداربوون لە گرووپی ڕاوێژکاریەکەدا.

ڕێکخراوی ئێکپات ئینتەرناشناڵ سوپاسی پشتگیری سەرەکی داراییەکان لە دەزگای هاوکاری گەشەپێدانی نێودەوڵەتی سویدی (سیدا) و دامەزراوەی ئۆک دەکات بۆ ئامانجە گشتیەکانی ڕێکخراوەیی. ئەو بۆچوونانەی لەم بەڵگەنامەیەدا دەربڕدراون تەنیا ئاماژەیە بە بۆچوونی ڕێکخراوی ئێکپات ئینتەرناشناڵ. پشتگیری ئەم بەخشەرانە پاڵپشتی لەم بۆچوونانە ناکات کە لێرە باسکراونن

**کاری وەرگێرانی بۆ کراوە لەلایەن:**

**دیزاین کراوە** لەلایەن :

**نوسینەوەی لەلایەن:** زەهرا بێگ بە پاڵپشتی فرانسیسکا دۆنێلی.

**سەرچاوە پێشنیارکراوەکان:** ECPAT International. (2024) A Call for Nuanced, Contextualized and Coordinated Responses to Complex Manifestations of Sexual Exploitation of Children in Humanitarian Contexts. Case Study Kurdistan Region of Iraq.' Bangkok, ECPAT International

©ڕێکخراوی ئێکپات ئینتەرناشناڵ، ٢٠٢٤.

بۆ تێبینی یان پێشنیار تکایە پەیوەندی بکەن بە researchteam@ecpat.org

مافی لەبەرگرتنەوەی ڕێگەپێدراوە بەمەرجی دانپێدانانی سەرچاوە وەک ڕێکخراوی ئێکپات ئینتەرناشناڵ.
© ڕێکخراوی ئێکپات ئینتەرناشناڵ ، 2024.

بڵاوکراوەتەوە لە لایەن:
**ڕێکخراوی ئێکپات ئینتەرناشناڵ**
328/1 شەقامی فایا تای، ڕاتچاتێوی،
بانکۆک 10400، تایلەند.
تەلەفۆن: 3388 215 2 66+ | ئیمەیڵ: info@ecpat.org
ماڵپەر: www.ecpat.org

## ناوەڕۆک


| | |
|---|---|
| پێشەکی | 4 |
| تێڕوانینی گشتی | 5 |
| یاساداناني تايبەت بە هەلخەڵەتاندنی سێکسی منداڵان | 6 |
| سەختی و ئاستەنگە سەرەکییەکانی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق | 7 |
| گۆڕینی ڕۆڵی منداڵان بەهۆی قەیرانەکانەوە | 8 |
| کاریگەری لەسەر خۆشگوزەرانی منداڵان | 8 |
| زیادبوونی هەڵخەڵەتاندنی سێکسی منداڵان | 9 |
| چ جۆرە منداڵێک زیاتر لاوازە بەرامبەر هەڵخەڵەتاندن؟ | 10 |
| تاوانباران و نێوەندکارانی تاوان کێن؟ | 11 |
| خزمەتگوزاریەکانی پاڵپشتی و گونجاندن، دامەزراندنی تۆڕو میکانیزم بۆ منداڵان و خانەوادەکان | 12 |
| پێشنیارەکان بۆ هەنگاوەکانی داهاتوو | 13 |

# پێشەکی

منداڵان لە ئاستی جیهانیدا تووشی جۆرەها توندوتیژی دەبنەوە کە ڕەنگە لێکەوتەی درێژخایەنی هەبێت، هەروەها داتاکانی ساڵی ٢٠١٦ مەزەندەیان کردووە کە یەک ملیار منداڵ لە تەمەنی ٢-١٧ ساڵ تووشی توندوتیژی جەستەیی و توندوتیژی سێکسی یان توندی تیژی دەرونی ، لەنێویشیان لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا حاڵەتەکانی هەلخەڵەتاندنی سێکسی و دەستدرێژیکردن زیادی کردووە.[1]توندوتیژی سێکسی لە هەموو کوچێکی ئەم جیهانە کاریگەری لەسەر منداڵان بەجێهێشتووە - گرنگ نییە ڕەگەز، نەتەوە، توێژ، ئایین، ئاستی خوێندن، یان شوێنی جوگرافیەکانیان چین. [2]لەگەڵ هاتنی تەکنەلۆژیای زانیاری و ئامێرەکانی پەیوەندیکردن، هەلخەڵەتاندنی سێکسی منداڵان زیاتر بووە.

زۆربوونی کێشە و ململانێیە چەکداریەکانی جیهان و ئاوارەبوون و [3] کۆچی بەکۆمەڵ و [4]گۆڕانی کەشوهەوا و ڕێکارە ناتەواوەکان بۆ چارەسەرکردنی هۆکارە سەرەکیەکانی کێشەکان و پاڵنەرەکانیان وەک زیاتربوونی نایەکسانی ئابووری و جیاکاری بەرنامەیی و پێکهاتەیی، خووە کۆمەڵایەتیە زیانبەخشەکان، نەبوونی سزایەکی گشتگیر بۆ تاوانباران، ئەم هۆکارانە وادەکات بارودۆخی منداڵان بەردەوام ڕووەو خراپتربوون بێت و زیاتر بەرەوڕووی توندوتیژی و هەلخەڵەتاندنی سێکسی ببنەوە. لەناو گێژاوی ئەم قەیرانانە و پەراوێزخستنی بارودۆخیان وەک ڕەگەز و پەکەوتەیی و دۆخی پەناهەندەیی و کەمینەیی ئایینی و نەژادی،[5] منداڵان لەکاتی چاودێریکردنیان زیاتر ڕووبەڕوی مەترسی و بەربەست دەبنەوە.

بۆ دەستکەوتنی تێگەیشتنێکی قووڵتر لە جوڵەو و دیاردەکانی هەلخەڵەتاندنی سێکسی منداڵان لە ناوەندە مرۆییەکان، ڕێکخراوی ئێکپات ئینتەرناشناڵ توێژینەوەیەکی جیهانی و فرە وڵاتی ئامادەکرد. بۆ زیاتر تێگەیشتن لە دۆخی منداڵان لەم بابەتە، ئەم ڕێکخراوە ژینگەی سێ وڵاتی دەست نیشانکرد (١) ئەسیوپیا و دانیشتوانی ئاوارە ناوخۆییەکانی باکووری ئەسیوپیا؛ (2) کینیا و کۆمەڵگە پەنابەرەکان لە نایرۆبی و کەمپی پەنابەرانی کاکوما؛ و (3) هەرێمی کوردستانی عێراق و خەڵکی ئاوارە و پێکهاتەکانی تر ئاوارە ناوخۆییەکان.

ئەم توێژینەوەیە حاڵەتێکە دیاردە جۆراوجۆرەکانی هەلخەڵەتاندنی سێکسی منداڵان کە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا بینراون دەخاتەڕوو ، لەوانەش ئەو پاڵنەرانەی کە هۆکارن بۆ هەلخەڵەتاندنی سێکسی منداڵان و تیشک خستنەسەر کاردانەوەی کۆمەڵگا و ڕێکخراوەکان بەرامبەر ئەم دیاردەیە دژی منداڵان. ئەم دیاردانە پێویستە بە هاوبەشی لەگەڵ ڕاپۆرتە جیهانیەکان بخوێنرێنەوە کە وەک بەڵگە تێڕوانین و گێرانەوەو لایەنگیری و هەڵسوکەوت و بیروباوەڕە باوەکانی پەیوەست بە هەلخەڵەتاندنی سێکسی منداڵان لە چوارچێوەی قەیرانێکدا بخرێتەڕوو؛ هەروەها خستنەڕووی چوارچێوە و تێگەیشتنی ئێستای هەلخەڵەتاندنی سێکسی منداڵان لە کەرتی مرۆیی؛ و نیشاندانی ئەوەی چۆن شێوازەکانی دابینکردنی یارمەتییە مرۆییەکان و کەسایەتیەکان و دارودەستەکانیان کاریگەریان هەیە لە دیاریکردن و کاردانەوە و گەیاندنی خزمەتگوزاریەکان و ڕێگریکردن لە هەلخەڵەتاندنی سێکسی منداڵان.

---

[1] Hillis S, Mercy J, Amobi A, Kress H. (2016, Mar). Global prevalence of past-year violence against children: a systematic review and minimum estimates. (This figure is an estimate and continues to be commonly featured in various publications to illustrate the scale of violence against children. For example, this figure is still referred to by the World Health Organization (WHO), UNICEF, and INSPIRE Working.)

[2] Ibid.

[3] Defined by the International Committee of the Red Cross (2008): “Resort to armed force between two or more States, or protracted armed confrontations occurring between governmental armed forces and the forces of one or more armed groups, or between such organized groups arising in the territory of a State which reaches a minimum level of intensity.” Cited in United Nations Children’s Fund. (2020). Action to end child sexual abuse and exploitation: A review of the evidence. UNICEF, New York.; According to Global Conflict Tracker, there are 27 currents as of 15 December 2023. (accessed December 15, 2023).

[4] Defined by IOM (2004): “A process of moving, either across an international border or within a State. It is a population movement encompassing any kind of movement of people, whatever its length, composition, and causes; it includes migration of refugees, displaced persons, uprooted people, and economic migrants.” Cited in United Nations Children’s Fund. (2020). Action to end child sexual abuse and exploitation: A review of the evidence. UNICEF, New York.

[5] United Nations Children’s Fund. (2020). Action to end child sexual abuse and exploitation: A review of the evidence. UNICEF, New York.

# تێڕوانینی گشتی

ئەم توێژینەوەی حاڵەتە یەکێکە لە توێژینەوەکانی سێ وڵات کە لایەن ڕێکخراوی ئێکپات ئینتەرناشناڵ ئەنجام دراوە دەربارەی هەلخەڵەتاندنی سێکسی منداڵان لەژینگەی ڕێکخراوە مرۆییەکان. ئەم توێژینەوەیە لەلایەن ڕێکخراوی ئێکپات ئینتەرناشناڵ ئامادەکراوە بەهاوکاری لەگەڵ ئەندامێکی ڕێکخراوی ئێکپات ئەویش دەزگای ژیان بۆ مافەکانی مرۆڤ ە - کە ڕێکخراوێکی قازانج نەویستە کار دەکات بۆ باشترکردنی تەندروستی هزر و وەگەڕخستنەوەی توانایی جەستەیی دووبارە ئاشنا کردنەوەی ڕزگاربووانی (سێکسی) توندوتیژیەکان و ئازاردانەکان و کاریگەریە دەروونیەکان لە کۆمەڵگا لە هەرێمی کوردستانی عیراق.

ئەم توێژینەوەیەی حاڵەتە بریتیە لە کورتەیەک لە ئەنجامە سەرەکیەکانی توێژینەوەیەکی جۆری کە لەناو-وڵات ئەنجامدراوە، پاڵپشت بە چاوپێکەوتنەکانی کەسانی زانیاریدەر. ئەم توێژینەوەیەی حاڵەتە تێڕوانینێکی شیکردنەوەیەکی تێروتەسەل نیشان نادات لەسەر ئەو وڵاتە.

ئەم توێژینەوەی حاڵەتە لە هەرێمی کوردستانی عیراق جەخت لەسەر تێگەیشتن لەدۆخی پەنابەران و خەڵکانی ئاوارەی ناوەخۆ دەکاتەوە بە تیشک خستنە سەر ئەزموونیان لە قۆستنەوەی سێکسی منداڵان. ئەو ململانێیەی لە باکور و ناوەڕاستی عیراق کە لە کۆتایی ٢٠١٣ دەستی پێکرد تاوەکو ساڵی ٢٠١٧ بووە هۆی دەربەدەریەکی ئێجگار فراوان لەناو هەرێمی کوردستانی عیراق. ئەمەش وایکرد پێویستیەکان تا رادەیەکی زۆر  زیاتر بۆ ١.٢ ملیۆن خەڵکی دەربەدەربووی ناوەخۆ و ٤.٩ ملیۆنی پەنابەری ناوخۆی گەڕاوە[6]؛ لەنێویشیاندا یەزیدیەکان ببوونە ئامانجی چەندین جۆری توندتیژی  کاتێک کە (داعش) سنجاری (شنگال) دەست بەسەرداگرت. [7] بەنزیکەیی یەک ملیۆن کەس لە خەڵکانی دەربەدەربوونی کۆچی  ناوەخۆ کە تەنانەت ناسنامەی شارستانیان نەبوو کە  ڕێگر بوو بۆ دەستە کەوتنی  مافەکانیان و دەستگەیشتن بەکەمترین  خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکان.[8] هەروەها عیراق بەنزیکەیی ٣٠٠،٠٠٠ لە کەسانی دەربەدەر و پەناخوازی سوری (زۆرینەیان) و ئێرانی و تورکی و فەڵەستینی و وڵاتانی تر داڵدادە داوە؛ کە بەنزیکەیی ٩٠٪ ئەمانە لە هەرێمی کوردستانی عیراق دەژین. [9] لە تەواوی هەرێمی کوردستان نزیکەی ١٥ کەمپی پەنابەران و ئاوارەی لێقەماوی  ناوەخۆ هەن کە لەمانەش ٦٥٠،٠٠٠ کەسانی دەربەدەری ناوەخۆن و ٢٤٨،٠٠٠ پەنابەرن - شەش دانەیان لەهەولێرە، چواریان لە سلێمانی و پێنجیشیان لە دهۆکە.[10]

ئەم توێژینەوەیە کاری لە سێ ناوچەی جوگرافی کردووە - کەرکوک [11]، دهۆک و سلێمانی:

1. **کەرکوک** شارێکە دەکەوێتە دووری ١٦٠ میل لە پایتەختی عیراق، بەغدا و تەنها ٦٠ میل دوورە لە هەولێر، پایتەختی هەرێمی کوردستانی عیراق کە دانیشتووانێکی هەمەچەشن و تێکەڵاوی هەیە لەگەڵ چەندین گروپی نەتەوەیی و ئایینی. پارێزگای کەرکوک سێیەمین ژمارەی دانیشتوانی ئاوارەکان داڵدەدات (١٢% یان ٣٦٢،٢٥٦ کەس). ئاوارەکانی ناوخۆی کەرکوک بە شێوەیەکی سەرەکی بریتیە لە خەڵکی سەڵاح الدین بە ڕێژەی ٢٢٪، ئەنبار بە ڕێژەی ١٤٪ و ناوخۆی پارێزگای کەرکوک بە ڕێژەی ٥٢٪. لەکاتێکدا کەمپی ئاوارە ناوخۆییەکان لە کەرکوک نەماون، شارەکە شوێنی زۆرێک لە ئاوارە ناوخۆییە گەڕاوەکانە.[12]

---

[6] UNHCR. Iraq situation.

[7] Bechocha, Julian (2023, September). Iraq, UN Cooperating to Shut Down IDP Camps in Kurdistan Region.

[8] UNHCR. Iraq situation.

[9] UNHCR. Iraq operation. Operation Data Portal.

[10] ئاماژەی پێکراوە لە.)، سێپتەمبەری (2023 .ئامارێک لە ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکانی هەرێمی کوردستانەوە ، . -

https://www.rudaw.net/english/middleeast/iraq/25092023#:~:text=There%20are%2015%20camps%20for,KRG)%20Joint%20Crisis%20Coordination%20Center.

[11] بەپێی ماددەی 140ی دەستووری عێراق، کەرکوک بەشێکە لە ناوچە کێشە لەسەرەکانی نێوان حکومەتی فیدراڵی عێراق و هەرێمی کوردستانی عێراق.

[12] Hussein, H. S., and Saeed, K. M. (2022, March). The Child, Early, and Forced Marriage Online Sexual Exploitation of Children and the Impact of COVID-19 on Early Marriage and Online Sexual Exploitation of Children in Iraq and the Kurdistan Region. Jiyan Foundation for Human Rights.

2. **دهۆک** ناوەندی پارێزگای دهۆکە لە هەرێمی کوردستان، دەکەوێتە چوارڕێیانی عێراق و تورکیا و سوریا. زۆرینەی ئێزیدییەکان لە دهۆک دەژین.[13]
3. **سلێمانی**، بە سلێمانی یان سولێمانیش دەنووسرێت، شارێکە لە باکووری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستانی عێراق، لە سنووری ئێران و عێراق نزیکە.

دەستەی توێژینەوە چاوپێکەوتنی لەگەڵ ١٩ زانیاریدەری سەرەکی ئەنجامدا و هەروەها دوو وتوویژی چڕی بەگرووپی بەڕێوەبرد لە کەرکوک و لە سلێمانی. زانیاریدەرە سەرەکیەکان پێکهاتبوون لە نوێنەرانی ڕێکخراوە ناحکومیەکانی ناوخۆیی، ڕێکخراوە ناحکومیەکانی نێودەوڵەتی، بریکارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان (ئا ئۆ ئێم بەنمونە)، سەنتەرەکانی منداڵان، دائیرە حکومیەکان (نمونە، بەڕێوەبەرایەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و بەشی پاراستنی منداڵ، زیندانی ئافرەتان و نەوجەوانان). تەواوی نووسراوەکانی چاوپێکەوتنەکان لە زمانی عەرەبی و کوردییەوە وەرگێڕدراون بۆ ئینگلیزی و شیکردنەوەی بۆکراوە لەلایەن ڕاوێژکارو تیمی توێژینەوەی ڕێکخراوی ئێکپات و توێژەرانی ناوخۆیی وڵات.

# یاسادانانی تایبەت بە هەلخەڵەتاندنی سێکسی منداڵان

بەگوێرەی ماددەی 399 لە یاسای سزادانی عێراقی، هەروەها لە پەرلەمانی کوردستانیش ڕەزامەندی لەسەردراوە، هاندانی منداڵان بۆ ئەنجامدانی لەشفرۆشی یان زیناکردن، هەروەها هاوکاریکردنی منداڵانی خوار تەمەنی یاسایی لەو جۆرە کارانە، کردارێکی تاوانکاریە کە سزای زیندانیکردنی نابێت لە 10 ساڵ زیاتر بێت.[14] ئەم بڕگانە لە یاسادا دڵنیایی لە پاراستنی کوڕ و کچ دەکات. لە هەندێک بارودۆخدا[15] یاسای تاوان سزای توندتر دەسەپێنێت وەک زیاتر دەستبەسەرکردن ئەگەر تاوانبار پەیوەندی خێزانی لەگەڵ قوربانییەکە هەبێت (لە ماوەی سێ نەوەدا)، وەک سەرپەرشت، پارێزەر، یان چاودێر قوربانییەکە مامەڵە بکات، یان ئەگەر قوربانییەکە وەک خزمەتکاری تاوانبارەکە خزمەت بکات.[16] بە هەمان شێوە ئەو کەسانەی دەسەڵاتیان بەسەر قوربانییەکەدا هەیە، وەک بەرپرسانی گشتی، سەرکردە ئاینییەکان، یان پزیشکان، کە پۆستی متمانەپێکراوی خۆیان بۆ قازانجی کەسی لە ئەنجامدانی ئەو جۆرە تاوانانەدا دەقۆزنەوە، ئەوا ڕووبەڕووی سزای هاوشێوە ببنەوە.[17]

بەڵام یاساکە سنووردار دەکرێت بەتایبەتی کاتێک دێتە سەر پێناسەکردنێکی ڕوونی هەلخەڵەتاندنی منداڵان لە لەشفرۆشیدا. جگە لەوەش کاتێک هاندان و هاوکاریکردن بۆ لەشفرۆشی بە تاوان دەزانێت، چەند ماددەیەک هەن تاوانەکانی بەشداریکردن لە لەشفرۆشی لەگەڵ منداڵان دیاری دەکەن. ئەگەر ئاماژەیەکی ناڕوون نەبێت بۆ" هەموو بەکارهێنەرێک [...] لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی لەشفرۆشی ژمارە ٨ی ساڵی ١٩٨٨دا کەڵک لەو کەسانە وەردەگرێت کاریانکردووە بۆ هەلخەڵەتاندنی کەسەکان بۆ کاری لەشفرۆشی".[18]

مادەی ٣٩٤ لە یاسای سزادان باس لە کاری سێکسی دەکات لە دەرەوەی هاوسەرگیری لەگەڵ کەسانی خوار تەمەن ١٨ ساڵ، تەنانەت بە ڕەزامەندی خۆیان، ئەم یاسایە سزای زیاتر دەسەپێنێت کاتێک منداڵەکە تەمەنی لە خوار ١٥ ساڵەوە بێت.[19] لەگەڵ ئەوەش لێکدانەوەیەکی توند بۆ ئەم ماددەیە دەکرێت بەوەی کە تەنها بۆ ئەو حاڵەتانەیە کە تاوانبارانی هاوڕەگەزبازیان تێدایە و هیچ سزایەک دیاری نەکراوەو هیچ پاراستنێک بۆ کوڕان فەراهەم ناکات بۆ حاڵەتێک کە کوڕێک لەلایەن ئافرەتێکەوە دەستدرێژی بکرێتە سەر؛

---

[13] Ibid.

[14] کۆماری عێراق. (١٩٦٩). یاسای سزادان ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ (هەموارکراوی مانگی ئازاری ٢٠١٠). مادەی ٣٩٩.

[15] Ibid.

[16] کۆماری عێراق. (١٩٦٩). یاسای سزادان ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ (هەموارکراوی مانگی ئازاری ٢٠١٠). مادەی ٣٩٩.

[17] Ibid.

[18] کۆماری عێراق. (١٩٦٩). یاسای بەرەنگاربوونەوەی لەشفرۆشی ژمارە ٨ی ساڵی ١٩٨٨، مادەی ٣

[19] *Ibid.*. مادەی ٣٩٤.

سەرەڕای ئەوەش، مادەی ٣٩٨ی یاسای سزادان بژاردەی خۆدزینەوە لە لێکۆڵینەوە و ڕێوشوێنی دادوەری دەخاتە بەردەم تاوانباران بە هاوسەرگیریکردن لەگەڵ قوربانییەکانیان، ئەمەش لە بڕگەیەکدا باسکراوە بۆ کەیسەکانی جووتبوونی سێکسی بەبێ ڕەزامەندی.[20]

# سەختی و ئاستەنگە سەرەکییەکانی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق

سەرجەم زانیاریدەرە سەرەکییەکان ئاماژەیان بەوە کردووە، بەهۆی ململانێکانی باکور و ناوەڕاستی عێراق (2013-2017) بووەتە هۆی کۆچ و ئاوارەیی و قەیرانی مرۆیی بەردەوام و قەیرانی ئابووری و بەردەوامی نائارامی سیاسی پێکهاتەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق بەتایبەتی خەڵکی ئاوارە و پەنابەرانی ناوخۆ دوچاری بارودۆخێکی سەختی نائەمنی بوون، لەوانە:

- ناسەقامگیری بەگشتی – نەبوونی ئارامی، سەلامەتی و بەردەوامی توندوتیژی؛ نەبوونی دڵنیایی لەسەر داهاتوویان
- ناسەقامگیری سیاسی (و توندوتیژی)
- ناسەقامگیری ئابووری و کار
- نەبوونی پێداویستییە سەرەتاییەکان و دەستگەیشتن بە خزمەتگوزارییە گشتیەکان (دۆخی سەختی ژیان بەگشتی)
- نەبوونی تەندروستی دەروونی (بەهۆی قەیران و ئاوارەبوون و توندوتیژی)
- نەبوونی پەناگە (بەتایبەت خەڵکی ئاوارە و پەنابەرانی ناوخۆ)
- ناسەقامگیری کۆمەڵایەتی و خێزانی (زیادبوونی جیابوونەوە و تەڵاق؛ سەرۆک خێزانی ئافرەت؛ ئالوودەبوونی دایک و باوک بە مادده هۆشبەرەکان؛ زیندانیکردنی باوکەکە؛ گوێ پێنەدانی دایک و باوک)

قەیران و ئاوارەبوون بە گشتی بووەتە هۆی دابەزینی کوالیتی خوێندن و کەمبوونەوەی ژمارەی قوتابخانەکان، لە ئەنجامدا ئاستی وازهێنان لە خوێندن زیاتربووە. کوالیتی خوێندنی بۆ ئاوارەکانی ناوخۆ و منداڵانی پەنابەر خراپترە، چونکە دوور لە قوتابخانەکان دەژین، توانای پێدانی کرێی خوێندنیان نیە، یان ڕووبەڕووی بەربەستی زمان دەبنەوە.

> *لە بارودۆخە ئاساییەکاندا دایک و باوک نیگەرانن لە خوێندنی منداڵەکەیان، بەڵام لە کاتی قەیرانەکان نیگەرانی تەندروستی خۆیانن، کەواتە هەر پلانێکی تایبەتیان هەبێت پەکی دەکەوێت، بەنمونە پەیڕەو دەکەن پەکدەخرێن، وەک نیگەرانی تەواوکردنی خوێندنی منداڵێک*
> *زانیاریدەری سەرەکی*

هەروەها زیادبوونی بەکار هێنانی تەکنەلۆژیا و ئینتەرنێت و بەکارهێنانی تۆرە کۆمەڵاتیەکان کاریگەرییەکی زۆری لەسەر شێوازی پەروەردەکردنی منداڵان و بەرکەوتنیان بە ژینگەی نەگونجاو و ئەگەری زیانبەخش و سێکسی ڕوون هەبووە، هەروەک چەند زانیاریدەرێکی سەرەکی لەخوارەوە ئاماژەیان پێکردووە:

- "منداڵان بەرەو ئاراستەیەکی هەڵە دەبات. "
- "لە بارودۆخە ئاساییەکاندا دەتوانین سوود لە تەکنەلۆژیا وەربگرین، بەڵام لە کاتی قەیرانەکان کاریگەرییە نەرێنییەکانی زیاتردەبن. بۆ نموونە هەمیشە گوێبیستی هەواڵی مردن و کوشتن و هەڵخەڵەتاندنی سێکسی دەبیت".
- "تۆرە کۆمەلایەتیەکان یەکێکە لەو هۆکارە سەرەکیانەی کە منداڵان کاریگەرییان لەسەر دەبێت، چونکە دایک و باوک ناتوانن منداڵەکانیان کۆنترۆڵ بکەن... چاودێری ۆرە کۆمەلایەتیەکانبکەن. "
- "منداڵان سەیری شەڕ و توندوتیژی و گرتە سێکسییەکان دەکەن لە یوتیوب. "

---

20 *Ibid.*. مادەی ٣٩٨.

بە گشتی، خێزانی پەنابەران و ئاوارە ناوخۆییەکان بەهۆی لەدەستدانی سەرچاوەی داهاتی خێزان، سەروەت و سامان وماڵەوە ڕووبەڕووی ئاستەنگی زیاتر دەبنەوە بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵگەی ڕەسەن؛دیارترین ئاستەنگەکانیش زیاتر بریتین لە نەبوونی پێداویستییە سەرەتاییەکان (خۆراک، شوێنی نیشتەجێبوون، جل و بەرگ)؛ مردن و زیندانیکردنی سەرۆک خێزان؛ و نەبوونی بەڵگەنامە/کارتی ناسنامە (بۆ نموونە دەبێتە زەحمەتی لە چوونە قوتابخانە، کارکردن، دووبارە هاوسەرگیریکردنەوە).

"زەحمەتیەکەی بۆ پەنابەران دوو یاخود سێ ئەوەندە زیاترە کۆمەڵگەی ڕەسەن ئەوەندە دووچاری ئەم زەحمەتیانە نابنەوە لەبەرئەوەی سەلامەتی و ئاسایش و قوتابخانە و خانەوادە و ماڵ و سەرچاوەی داهاتیان بۆ دابینکراوە زانیاریدەری سەرەکی

## گۆڕینی ڕۆڵی منداڵان بەهۆی قەیرانەکانەوە

ئەو ئاستەنگ و سەختییانەی لە سەرەوە باسمان کرد کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر منداڵان و گەنجان هەیە و ڕۆڵیان لەناو خێزانەکانیان و کۆمەڵگەیەکی فراوانتر جیاوازە. ڕۆڵی منداڵان لەناو کۆمەڵگادا زۆربەی کات بەهۆی ڕەگەزەکەیانەوە دەگۆڕێت. منداڵان (بەتایبەتی کوڕان) زیاتر بەرپرسیارەتی دابینکردنی پێویستیە داراییەکان بۆ پاڵپشتی خانەوادەکانیان دەگرنە ئەستۆ لەڕێگای ئەنجامدانی کارێک بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیان، بەنمونە کارکردن لە دوکانەکان و فیتەری و کشتوکاڵ و لەسەر شەقامەکان کە دەبێتە هۆی وازهێنان لە خوێندن. هەروەها لەم کۆمەڵگانە دیاردەی بەرزبوونەوەی ڕێژەی هاوسەرگیری پێشوەختە بەخۆیانەوە دەبینن بەتایبەت هاوسەرگیری کچان ، ڕێژەی ئەم جۆرە هاوسەرگیریە بۆ کوڕانیش تارادەیەک زۆرە ، ئەمەش لەپێناو "دەستکەوتنی سوودی مارەییەکانیان یاخود سوودی تری هاوسەرگیری کردن" بۆ کەمکردنەوەی فشاری ئابوری لەخانەوادەکانیان، هەروەها بۆ پاراستنی کچەکانیان لە توندوتیژی و هەلخەڵەتاندنی سێکسی. بەگوێرەی وتەی یەکێک لە زانیاریدەرە سەرەکیەکان، "کاتێک لە کەمپی ئاوارەکان کارم دەکرد، ڕۆژانە بەنزیکەی ١٠ بۆنەی هاوسەرگیری هەبوو. جار وابوو بەچاوی خۆمان دەمان بینی منداڵێک لە شوێنی یاریکردن یاری دەکرد، بەڵام دوای ماوەیەک بۆمان دەردەکەوت کە منداڵەکە هاوسەرگیری کردووە. هەروەها ئەم نەریتەش لە کلتورە جیاوازەکان بوونی هەیە لەکاتی قەیرانەکان، لە تەمەنێکی بچووکدا هاوسەرگیری بە منداڵەکانیان دەکەن بۆ دروستکردنی پەیوەندییەکی توندتر".

*"بەڵێ ڕۆڵەکانیان دەگۆڕێت بەڵام نەک گۆڕانی ١٠٠٪. هەندێک جار بەهۆی قەیران و کارەسات و کێشەکانەوە ڕۆڵی منداڵان دەگۆڕێت، بەتایبەتی لە حاڵەتی ئاوارەبوونی ناوخۆو و دەربەدەربوون کە ناچار دەبن زێدی خۆیان بەجێبهێڵن." زانیاریدەری سەرەکی.*

*"هەموو قەیرانەکان کاریگەری لەسەر خێزانەکان و شێوازی تێڕوانینی منداڵەکانیان دەبێت. بۆ نموونە ناچاریان دەکەن کاربکەن، قوتابخانە بەجێبهێڵن، یان لە تەمەنێکی بچووکدا بیانخەنە ناو پرۆسەی هاوسەرگیری". زانیاریدەری سەرەکی*

*"قەیرانەکان بووەتە هۆی لێکهەڵوەشانی خێزانەکان و لەدەستدانی منداڵیان" زانیاریدەری سەرەکی*

*"یەکەم بەرکەوتە منداڵەکانن قوربانی قەیرانەکان و زەحمەتیەکانی ڕوداوەکانی ژیانن." زانیاریدەری سەرەکی*

## کاریگەری لەسەر خۆشگوزەرانی منداڵان

ململانێ و بەردەوامی قەیرانی مرۆیی و بەردەوامی ناسەقامگیری کاریگەری ڕاستەوخۆی خراپی لەسەر تەواوی خۆشگوزەرانی منداڵان هەیە و دەرەنجام دووچاری کاری مەترسیدار و هەڵخەڵەتاندن دەبنەوە. بەم پێیە بێت، وازهێنان لەخوێندن و هاوسەرگیری پێشوەختە و کرێکاری منداڵان و کەم ئەندام بوون بەهۆی ڕووداوەکان و ژیانکردن و کارکردن لەسەر شەقامەکان و چەکدارکردن لەلایەن گروپە/هێزە چەکدارەکان و بەکارهێنانی ماددەی هۆشبەر و ئاڵودەبوون و تاوانی بچوک و تێکچوون و کێشەی دەروونی دوای کارەسات ، بێکاری گەنجان و دەستدرێژی سێکسی بۆ سەر منداڵان وتوندتیژی و هەلخەڵەتاندنی سێکسی لەم کۆمەڵگانەدا بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزە.

*منداڵەکان لە خۆشی ژیانی منداڵی بێبەشبوون زانیاریدەری سەرەکی*

*ئەزموونی بینینی توندتیژی و ئاوارەبوون دەبێتەهۆی ئەوەی منداڵ هەست بە سەلامەتی نەکات زانیاریدەری سەرەکی*

*منداڵان و گەنجان هیوا و خەونی تایبەت بەخۆیان هەیە، بەڵام قەیرانەکان ڕێگرە لەبەردەمیان بۆ نمونە، بەهەزاران کەسی گەنجمان هەیە کە خوێندنیان تەواوکردووە و بێکارن، ئەمەش دەبێتەهۆی دروستبوونی کێشە ، تەنانەت لەکاتی قەیرانەکاندا ئەم کێشانە زۆر جدیتر دەبن زانیاریدەری سەرەکی*

## زیادبوونی هەلخەڵەتاندنی سێکسی منداڵان

زانیاریدەرە سەرەکیەکان هەموویان هاوڕابوون لە ڕاستیەک کە قەیرانی مرۆیی و دەرەنجامەکانی ناسەقامگیری ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی پاڵنەری سەرەکین لە بەرزبوونەوەی هەلی قۆستنەوەی ئابوری و هەلخەڵەتاندنی سێکسی منداڵان. ئەو ڕاستیەی کە خێزانەکان پێوەی دەناڵێن لە زیندوو مانەوە و دەستکەوتنی پێویستە سەرەتاییەکان و هەروەها پارچە پارچەبوونی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا دەبێتەهۆی زیادبوونی هەلی قۆستنەوەی ئابوری و هەلخەڵەتاندنی سێکسی کە پێش ئەم قەیرانانە زۆر باو نەبوون. لەسەر بابەتی هەلخەڵەتاندنی منداڵان، زانیاریدەرە سەرەکیەکان ئاماژەیان بەم ڕێگایانەی خوارەوە کرد:

- هەلخەڵەتاندنی سێکسی لەڕێگەی لەشفرۆشی؛
- هەلخەڵەتاندنی سێکسی منداڵان بە شێوەی ئۆنلاین (کەیسی تۆمارکردنی ڤیدیۆی جەستەی منداڵان یان ئەنجامدانی کردەوەی سێکسی و بڵاوکردنەوە و بەکارهێنانی بۆ هەڕەشەکردن لە منداڵان؛ یان لە ڕێگەی تۆرە کۆمەڵایتیەکانەوە منداڵان (زۆربەیان کچن) هەڵخەلەتێنراون گوایە کەسێک شوێنی مانەوەیان بۆ دابین دەکات و دەیانپارێزێت بەڵام لەبەرامبەر دەبێت کاری سێکسی لەگەل ئەنجام بدەن)؛
- هەلخەڵەتاندنی سێکسی کە لەلایەن پێشکەشکارانی خزمەتگوزارییەوە سەپێنراوە (ئەوانەی لە کەمپەکانی پەنابەرانن/ئاوارەکانی ناوخۆدان)؛[21]
- دەستدرێژی سێکسی بەهۆی کەم و کوڕی خزمەتگوزاریی سەرەتایی لە کەمپەکەوە (بۆ نموونە، توالیتی هاوبەش)؛
- هەلخەڵەتاندنی سێکسی لە ڕێگەی بازرگانیکردنەوە هەرچەندە لەگەڵ ئەوەی باس لەوە دەکرێت ئەم دیاردەیە کەمبووەتەوە ("ڕێژەکە کەمتربووەتەوە لەبەرئەوەی خەڵک ئاگادارکراوەتەوە")؛
- کرێکاری منداڵان ("کرێکاری قورس ، پشتگوێخستنی منداڵ - مامەڵە نەکردن بەڕێزەوە و پێنەدانی مافەکانیان بەتەواوەتی") خزاندنیان بۆ ناو شوێنی نەشیاو و لەڕێیەوە بەر هەلخەڵەتاندنی سێکسی دەکەون.
- ئەو کچانەی لە دوکانەکان یان قاوەخانەکاندا کاردەکەن و تووشی هەلخەلەتاندنی سێکسی یان دارایی دەبن؛
- ڕفاندن و هەلخەلەتاندنی سێکسی لەلایەن گروپە چەکدارەکانەوە (کوڕان و کچان).

*دابینکەرانی خزمەتگوزارییەکان خەڵک ئیستغلال دەکەن بۆ نموونە کاتێک ئافرەتان داوای کارتی بایەعی لەم کەسانە دەکەن، ئەوانیش بەرلەوەی پێیان بدەن، ناچاریان دەکەن سێکسیان لەگەڵ بکەن*

*کاتێک کوڕان دەچنە سەر کارەکانیان لە دەرەوەی خێوەتگاکانیان، دەستلرێژی سێکسییان دەکرێتەسەر. مووچەیان پێنادرێت لەبەرامبەر ئەو کارەی ئەنجامی دەدەن، هەرچەندە زیاتر کاریان پێدەکەن بە موچەیەکی کەم .*

*"لە کەمپەکاندا، کوڕەکان ڕووبەڕووی دەستلرێژی دەبنەوە (دەست لێخشاندن) و کچەکانیش ڕووبەڕووی هەلخەڵەتاندن*

*"وێنە و ڤیدیۆی منداڵان لە تۆرە کۆمەڵاتیەکان بڵاودەکرێتەوە و دەبێتە هۆی نارەحەتی خێزانەکانیان".*

*"ئەوانەی پۆستی دەسەڵاتیان هەیە ناسنامەیان دیار نییە لەکاتی ئەنجامدانی تاوان. حاڵەتی سێکس لە بەرامبەر خزمەتگوزاری لە کەمپەکاندا هەیە. لەبەر ئەوەی منداڵەکان هیچ ناسنامەیەکیان نییە، ناتوانن کەمپەکان بەجێبهێڵن بۆ سوودمەندبوون لە خزمەتگوزاری".*

*"هەڵخەڵەتاندن و قۆستنەوەی هەل لەهەموو شوێنێکدا هەیە"*

[21] هەرچەندە نەدەکرا جیاوازی بکرێت لە ژن و منداڵی پێگەیشتوو کە قوربانی ئەم جۆرە کارانە بوون.

# چ جۆره منداڵێک زیاتر لاوازه بەرامبەر هەڵخەڵەتاندن؟

زانیاریدەره سەرەکیەکان ئاماژەیان بەوە کرد کە ڕەنگە زۆرینەی منداڵان لاوازبن بەرامبەر کرداری هەلخەڵەتاندنی سێکسی، بەڵام ئەوانی تر (کوڕان و کچان لەنێوان تەمەنەکانی ٩ - ١٩ساڵ) - لاوازترین چینن ، هەرچەندە زۆربەیان دەیانوت کچان لاوازترینن، هەندێکیشیان ئاماژەیان بە کوڕانیش کرد کە لاوازن؛ منداڵ لەخێزانەکانی بێ سەرپەرشت ؛ منداڵ لە خێزانەکانی پەنابەرو ئاوارەکان، منداڵانی کەمئەندام یا خاوەن پێداویستی تایبەت (بەتایبەت ئەوانەی لەژێر تەمەنی ٨ ساڵیدان)؛ منداڵان لە "ماڵە لێکجیابووەکان" (دایکە تەڵاقدراوەکان ، بێ باوانەکان ؛ یا ئەوانەی لەلایەن زڕباوان گەورەبوون)؛ ئەو منداڵانەی کە لەسەر شەقامەکان گەورەبوون و کاردەکەن؛ هەروەها ئەو منداڵانەی (هەروەها خانەوادەکانیان) کەس و کاری داعشن یان پەیوەندییان پێیانەوە هەیە.

کوڕان بەرامبەر ئەم هەڕەشانە زۆر لاوازترن، بەتایبەت ئەوانەی کە باڵایان ڕێکە و پێستیان گەش وسپیە و لە خانەوادەیەکی بێ سەرپەرشت و باوانیان جیابوونەتەوە یاخود خانەوادەکانیان پەنابەرن هەروەها جەختیان لەوەکردەوە کە بەهۆی بەردەوامی قەیران، ئەم حاڵەتانە زیاتر بوونە زانیاریدەری سەرەکی
زۆر زیاتر لە کچان بەدی دەکرێت لەبەرئەوەی ئەوان میکانیزیمی خۆگونجاندنیان کەمترە بە بەراورد لەگەڵ کوڕدا ئەوان لەدۆخێکی زۆر لاوازتردان زانیاریدەری سەرەکی

" ئەو خێزان و منداڵانەی کە کەس و کاری داعشن، لەشوێنی خۆیان دوکراون و بە سووکایەتییەوە سەیر دەکرێن. ئەم منداڵانە زیاتر دوچاری هەلخەڵەتاندنی جەستەیی، دارایی، سەرزارەکی و سێکسی دەبنەوە". زانیاریدەری سەرەکی

ئەو منداڵانەی کە دوچاری هەلخەڵەتاندنی سێکسی و توندوتیژی بوونەتەوە بە قێزلێکردنی بێ ئابڕویی و پەراوێزخستن و سوکایەتی پێکردن و کاریگەری دەرونی و جیاکاری و ڕەتکردنەوەی کۆمەڵایەتی و تێکچوونی تەندروستی باری دەروونی و دابڕان لە خێزان و هاوڕێیان دەناڵێنن. منداڵەکان کاتێک باسی دەکەن باوەڕیان پێ ناکرێت و پشتیوانیان لێ ناکرێت؛ زۆرجاریش کوڕان دەربڕینیان بۆ ئەم حاڵەتانە زەحمەتترە. منداڵان (و لە هەندێک کاتدا خێزانەکانیان) زۆرکات لەلایەن خێزانەکانیان و کۆمەڵگاکەیانەوە تاوانبار دەکرێن – "کاتێک ئەو تاوانبارکردنە ڕوودەدات، خێزانەکە تووشی دابڕانی کۆمەڵایەتی دەبێت و خەڵکیش ئیتر پەیوەندیان لەگەڵ دەپچڕێنن." - هەرێمی کوردستانی عێراق زانیاریدەری سەرەکی.

"تێڕوانینی کۆمەڵگا (و خێزان) بۆ ئەو منداڵانەی کە کاریگەری هەلخەڵەتاندنی سێکسییان لەسەر ماوە جیاوازە، هەندێک وەک قوربانی دەیانبینن لەکاتێکدا هەندێکی تر بە چاوی سووک سەیریان دەکەن، و خێزان و قوربانییەکە تۆمەتبار دەکەن." - هەرێمی کوردستانی عێراق، زانیاریدەری سەرەکی.

"کۆمەڵگە بە شێوەیەکی زۆر خراپ سەیری ئەم منداڵانە دەکات، بە چاوی قێزلێکردنی بێ ئابڕویی وەک تاوانبار سەیریان دەکات. جگە لەوەش خێزانەکە خۆی بە لەکەداربوونی ئابڕوو دادەنرێت بەهۆی منداڵەکە". - هەرێمی کوردستانی عێراق، زانیاریدەری سەرەکی

"زۆربەی کات تاوانبار دەکرێن و ئیتر وەک مرۆڤ سەیر ناکرێن بەڵکو وەک ئامێرێک سەیر دەکرێن. هەروەها متمانەیان بەخۆیان و کەسانی دیکەش لەدەست دەدەن". – هەرێمی کوردستانی عێراق، زانیاریدەری سەرەکی

" باسی ناکەن بۆ ئەوەی ئابڕوویان لەکەدارنەبێت". - هەرێمی کوردستانی عێراق، زانیاریدەری سەرەکی

# تاوانباران و نێوەندکارانی تاوان کێن؟

زانیاریدەرانی سەرەکی ئاماژەیان بەوەکرد کە ڕەنگە تاوانباران ئەمانە بن "هەر کەسێکی خاوەن دەسەڵات و پارە" خزمەکانی منداڵەکە، خاوەنکارەکانی منداڵانی کارەکەر (بۆ نموونە خاوەن دوکانەکان)، کارمەندانی کەرتی تایبەت، بەرپرسانی حکومەت (کارمەندانی شوێنەکانی نیشتەجێبوون)، ستافی ڕێکخراوی ناحکومی کە خزمەتگوزاری پێشکەش بە پەنابەران /کۆمەڵگەی ئاوارەکان دەکەن ، مامۆستایان، پاسەوان لە قوتابخانەکان، ڕاهێنەرانی تۆپی پێ ، شۆفێرانی تەکسی و ئۆتۆمبێلی ئاسایی، باندەکانی پیاوکوژی، بیناکاران، فیتەری ئۆتۆمبێل، کرێکارانی بازاڕ، موختار یان کارمەندانی دەزگا ئەمنییەکان، پزیشکان (ئەگەر نەخۆش بوون)، چەکدارانی داعش و ئەفسەرانی سەربازی، یان "کەسانی بەهێز لە لایەنە سیاسییەکانەوە."

بابەتەکە زۆر هەستیارە و هیچ داتایەک نییە دەکرێت لە هەر گروپێک یان چینێکی کۆمەڵایەتیدا ڕوودات و لەلایەن کەسانی خاوەن کاریگەری یان پارەدار ڕوودات، یان دەکرێت لەلایەن مامۆستایانەوە یان لەلایەن خاوەنکارەکانەوە بێت زانیاریدەری سەرەکی

هەلخەلەتاندنی سێکسی منداڵان لەلایەن نێوەندکاران یان کەسانی بازرگان ئاسانکاری دەکرێت، ڕەنگە ئەو کەسانەش خەڵکانێک بن خاوەن دەسەڵات یان هێز بن، لەنێویشتاندا ئەوانەی لە سەرەوە ناویان هێنراوە -- "ئەوانەی ئاسانکاری بۆ ئەم کارانە دەکەن دەکرێت شوێن یان لایەنێک بێت کە وا دەربکەوێ خزمەتگوزاری پێشکەش بکەن." - هەرێمی کوردستانی عێراق، زانیاریدەری سەرەکی.

لە خێوەتگای پەنابەران حاڵەتێکمان هەبوو، جارێکیان کچێک لەگەڵ کەسێک لەڕێگەی پەیوەندی ڤیدیۆییەوە قسەی کردبوو ئەو کەسە داوای لە کچەکە کردبوو بەشەکانی جەستەی بەڕووتی نیشانی ئەو بدات، کچەکەش ئەم کارەی بۆ کردبوو دوایی ئەو کەسە هەڵسابوو بە ناردنی ئەم وێنەنانە بۆ هاوڕێیەکی نزیکی، پاشان ئەم هاوڕێیەی وێنەکانی بۆ گروپێک لە هاوڕێی تری خۆی ناردبوو، بەمجۆرە کێشەکە بەرەو خراپتربوون چووبوو ئەم حاڵەتە گەیشتە ئاستێک کە ئەندامانی خێزانی کچەکە ئیتر توانای جێهێشتنی ماڵی خۆیان نەمابوو، نەیاندوتوانی تەنانەت بڕۆن بۆ سەر کارەکانیان لەبەرئەوەی خەڵک کۆمەڵگاکە باسی ئەوانیان دەکرد باوکی کچەکەش دەیوت هەرگیز ناوەستێ تا هەموو مافەکانی کچەکەی نەسەنێ لەڕێگەی یاسا دژی ئەوانەی کە ئەم دەستدرێژیەیان کردووەتە سەر دواتر دەرکەوت تاوانبار کەسێکی بەتەمەنە کە لە دەرەوەی وڵاتیش دەژیت عێراق، زانیاریدەری سەرەکی

"کوڕێک لە قۆناغی ١١ بوو لە قوتابخانە. کاتێک تێبینیم کرد کە ئەو کوڕە چەندین جارە بۆ قوتابخانە دوا دەکەوێت، [...] بینیم تەکسیەکیش لەنزیک ماڵیان دەوەستا، شوفێری تەکسیەکەش هیچ پارەیەکی وەرنەدەگرت. [...] لەبەرئەوە من پێمگوت " وەرە لەگەڵ من دانیشە، زۆرباش بۆم ڕوون بوویەوە کە شوفێری تەکسیەکە منداڵەکەی هەڵدەخەڵەتاند (منداڵەکەش کوڕ بوو)"- هەرێمی کوردستانی عێراق، زانیاریدەری سەرەکی.

هەروەها تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و ئینتەرنێت زیاتر ڕۆڵی ئاسانکاری دەگێڕن بۆ تاوانەکان.

”پێموایە توندوتیژی و دەستدرێژی سێکسی ئەلیکترۆنی زیاترە چونکە زیاتر بەردەستن و ئاسانتر دەستیان پێدەگات. جگە لەوەش بەشێکی بە نهێنی ئەنجام دەدرێت و تاوانباران ناناسرێنەوە، لەبەرئەوە ئەو کەسانە ئەگەری دۆزینەوەیان کەمترە بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی دەستدرێژی سێکسی ڕاستەوخۆ ئەنجامدەدەن“. - هەرێمی کوردستانی عێراق، زانیاریدەری سەرەکی.

# خزمەتگوزاریەکانی پاڵپشتی و گونجاندن، دامەزراندنی تۆڕو میکانیزم بۆ منداڵان و خانەوادەکان

زانیاریدەرە سەرەکیەکان ئاماژەیان بەوە کرد کە پاڵپشتی و هێلی گەرمی ڕاوێژکاری بۆ هەندێک لە خزمەتگوزاریەکانی پزیشکی و سایکۆلۆژی و منداڵپارێزی (لەڕێگای بەڕێوەبردنی حاڵەتەکانەوە)، لەلایەن دامەزراوەکانی حکومی و نا-حکومی دابینکراون بۆ قوربانیانی هەڵخەڵەتاندنی سێکسی. بەڵام "بەو پێیەی ئێمە باسی قەیرانەکان دەکەین و لە قەیرانێکداین، پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان بەشێوەی ١٠٠% کارێکی ئەستەمە... تا ئەو ڕادەیەی ڕێکخراوەکان توانایان هەیەو ڕێگەیان پێداوین، تاوەکو بکرێت ئێمە یارمەتیمان پێشکەش کردووە هەوڵمانداوە جارێکی تر تێکەڵی کۆمەڵگایان بکەینەوە.

> ڕێکخراوەکان ناتوانن لەگەڵ بەرزبوونەوەی خواستدا بگونجێن و لە توانایاندا نیە هەموو پێداویستییەکان و خزمەتگوزاریە جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان دابین بکەن زانیاریدەری سەرەکی

زانیاریدەرانی سەرەکی ئاماژەیان بەوەکرد کە ئەم خزمەتگوزاریانەی بەردەستە لە هەندێک کاتدا هیچ کاریگەریان نامێنێت، لەبەرئەوەی ناتوانن پێداویستی و داواکاری لەسنور زیاتر دابین بکەن؛ هەروەها ئەوکارمەندانە و دابینکەرانەی خزمەتگوزاری کە لەهێلی پێشەوە بۆ ڕێکخراوەکانی ناحکومی و دام دەزگا حکومیەکان کاردەکەن لێهاتوویی و توانایەکی ئەوتۆیان نیە بە هانای هەموو حاڵەتەکانی هەڵخەڵەتاندنی منداڵان بینەوە و زیادبوونی ئەم دیاردەیە و مەترسیەکانی دوچاری منداڵان و خانەوادەکانیان دەبێتەوە . کەمی هاریکاری و کارکردنی بە تاک لەنێوان ڕێکخراو دەزگا پەیوەندیدارەکان بووەتە هۆکاری زەحمەتی زیاتریش.

لە کاتێک خەڵکی ناوچەکە خۆیان تووشی کێشەبوون بۆ دەستکەوتنی خزمەتگوزاری پێویست ، کەچی کۆمەڵگەی پەنابەران و ئاوارەکانی ناوخۆ بەڕێژەیەکی کەمتریش خزمەتگوزاریەکانیان دەست ناکەوێت ئەمەش زیاتر بەهۆی دۆخ و حاڵی پەراوێزخراویان و لاوازیان.

هیچ سیستەمێک نییە بۆ ناسینەوەی قوربانییەکان یان پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانی هۆشیارکردنەوە و کەسانی تایبەتمەند بۆ پاڵپشتی قوربانیان لە هەڵخەڵەتەناندنی سێکسی منداڵان ژمارەیان زۆر کەمە.

> منداڵان هیچ متمانەیەکیان بە ڕێکخراوەکان نیە و ترسیان هەیە لەوەی نهێنی و ژیانی تایبەتیان نەپارێزرێت میدیاکانیش کارێکی مەترسیدار ئەنجام دەدەن کاتێک وێنەی منداڵەکان بڵاودەکەنەوە زانیاریدەری سەرەکی

بەشێوەیەکی ئاسایی، منداڵان زیاتر قسە بۆ هاوڕێ و دۆستەکانیان و خێزانەکانیان دەکەن (لەگەڵ کەسێک کە پێشتر متمانەی منداڵەکەی هەبێت"). بیربکەوە منداڵان زۆر بەدەگمەن ڕاستەوخۆ مامەڵە دەکەن لەگەڵ خزمەتگوزاریە مرۆییەکان و ڕێکخراوەکانی منداڵپارێزی حکومی و ناحکومی، هەروەها ڕاستەوخۆش خۆیان ناخەنە ناو ئەم خزمەتگوزاریانە. بێجگە لەمانەش، زۆر زەحمەتە بۆ منداڵ خۆی بگەیەنێتە خزمەتگوزاریەکانی مرۆیی و نا-مرۆییەکان، لەبەرئەوەی دەبێت باوانیان لەجێگەی ئەوان ئەم خزمەتگوزاریانە وەربگرن: "هیچ هەلێک بۆ منداڵان نیە گلەییەکانی خۆیان بگەیەنن کاتێک کێشەیەکیان هەیە و دەبێت باوانیان ڕۆڵی گەیاندنی کێشەکانیان ببینن و خۆیان بگەیەننە خزمەتگوزاریەکان."

> منداڵێک لەلایەن خزمێکیەوە بەکاری سێکسی هەڵخەڵەتێنرابوو و ئێمە پاڵپشتی دەروونی کۆمەڵایەتی و پزیشکیمان پێشکەش بە منداڵەکە کرد و ڕەوانەی نەخۆشخانەی ئەلنەسرمان کرد بۆ نەخۆشییەکانی منداڵبوون و ئافرەتان هەروەها لە ڕێگەی ڕاوێژکاری یاساییەوە پشتگیری یاساییمان پێشکەش کرد پاشان خێزانەکە دۆسیەکەیان ئاراستەی دەسەڵاتداران کرد، بەڵام ڕێکارەکان وەستان چونکە خێزانەکە بەهۆی ترسی لەکەداربوونی ئابرووی خێزانەکەیان دۆسیەکەیان کشاندەوە لەبەرئەوەی تاوانبارەکەش یەکێک بوو لە خزمی خۆیان عێراق زانیاریدەری سەرەکی

خێزانەکان بەشێوەیەکی سەرەکی داوای خزمەتگوزاری یاخود کێشەکانیان چارەسەردەکەن لەڕێگەی هۆزەکان و سوڵحی عەشایەری؛ لەجیاتی ئەوەی ڕێگەی فەرمی و یاسایی بگرنەبەر کە چەندین ڕێکارو یاسایی هەیە وا باسیش دەکرێت کە یاساکان بە دەگمەن جێبەجێ دەکرێن. بەهۆی شەرمە و شەرمەزاری و ترسی پەیوەست بە هەڵخەڵەتاندنی سێکسی منداڵان و هەروەها نەبوونی متمانە بە سیستەمەکە، منداڵان و خێزانەکان کێشەکانیان بە ڕێگای فەرمی ناگەیەنن و زۆرێکیان 'پەردەپۆش دەکرێن' هەروەها سیستەمی یاسایی زیاتر پشت بە وتەی 'پیاو دەبەستێ لەجیاتی ژن و منداڵانیش زۆرجار ڕووداوەکانیان لەگەڵ دایکیان بەنهێنی دەهێڵنەوە .

"خێزانی منداڵەکە ڕازی نین بە ئاشکراکردنی دۆسیەکەیان بۆ دابینکاری /بەشی تایبەتی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری، لەبەرئەوەی نایانەوێ ئابروویان لەکەداربێت " - عێراق – زانیاریدەری سەرەکی

"ئەوان زۆر بێ متمانەن لەگەڵ هەموو کەسێک لە قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە" – هەرێمی کوردستانی عێراق، زانیاریدەری سەرەکی

”کەمتر پشت بە یاسا دەبەسترێت، هەرچەندە یاسا هەندێک پرسیشی یەکلاییکردۆتەوە. بەڵام ئاشتەوایی و رێککەوتنی خێڵەکی یان کۆمەڵایەتی رێگای ترە لە رێگاکانی یەکلایی کردنەوەی کێشەکان. هۆکارەکەشی ئەوەیە ئەم لایەنانە خێراتر لە یاسا کێشەکان یەکلایی دەکەنەوە“. – هەرێمی کوردستانی عێراق، زانیاریدەری سەرەکی

بەهۆی ئەو شەرمەزارییەی لە لەکەداربوونی ئابڕوو هەیە پەیوەست بە هەلخەڵەتاندنی سێکسی منداڵانەوە، زۆرێک لە دایک و باوکان (بەتایبەت پەنابەران) ناچارن بە شێوەیەکی نایاسایی کۆچ بکەن بۆ دەرەوەی وڵات. هاوسەرگیری منداڵانیش وەک میکانیزمێکی دووربوون لە کێشەکان سەیر دەکرێت هەم بۆ کەمکردنەوەی مەترسی هەڵخەڵەتاندنی سێکسی و توندوتیژی ("هاوسەرگیری کچانی تەمەن بچووک بۆ ئەوەی دووربن لە توندوتیژی و سەلامەت بن بەتایبەتی لەدەست داعش") هەروەها وەک چارەسەرێک بۆ ئەم کێشانە.

"لەشفرۆشی، بەڵێ کاری لەشفرۆشیش بوونی هەیە. بەڵام زۆربەی رێکخراوەکان خۆیان لەمە لادەدەن و کار لەگەڵ لەسەر ئەم حاڵەتانە ناکەن چونکە کاریگەرییان لەسەر ناودەنگ یان سەلامەتی رێکخراوەکە دەبێت." - هەرێمی کوردستانی عێراق، زانیاریدەری سەرەکی

ئەوەی جێگای سەرنجە، زۆرێک لە زانیاریدەرەکان ڕاهێنانیان لە رێکخراوەکەیان یان هاوبەشەکانیاندا لەسەر رێگریکردن لە هەلخەڵەتاندنی سێکسی و دەستدرێژیکردن کردووە. هەروەها باسیش لەوە دەکرێت کە پۆلیسیش بۆ ناسینەوەی تاوانباران ڕاهێنان دەکەن "بەڵام جێبەجێی ناکەن چونکە باوەڕیان پێی نییە." - هەرێمی کوردستانی عێراق، زانیاریدەری سەرەکی.

# پێشنیارەکان بۆ هەنگاوەکانی داهاتوو

زانیاریدەرە سەرەکییەکان چەند ڕاسپاردەیەکیان خستوەتەڕوو کە بریتیە لە چەند کارێکی سەرەکی کە لایەنە پەیوەندیدارە مرۆییەکان و نا-مرۆییەکان دەتوانن بیکەن بۆ رێگریکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی زیادبوونی هەلخەڵەتاندنی سێکسی منداڵان لە هەرێمی کوردستانی عێراق ئەمانیش بریتین لە: بنیاتنانی ئاشتی؛ بەرزکردنەوەی هۆشیاری و پەروەردەکردن لەبارەی مەترسییەکانی هەلخەڵەتاندنی سێکسی منداڵان، نیشاندانی دەرئەنجامەکانی ئەم کارە، لەوانەش لەلایەن سەرکردە دەسترۆیشتووەکان؛ ڕووبەڕوبونەوەی تێڕوانینە زیانبەخشەکانی کۆمەڵگا پەیوەست بە قوربانییەکان؛ دەرفەتی بژێوی و باشترکردنی ئابووری خێزان و منداڵان بۆ کەمکردنەوەی پاڵنەرە ئابوورییەکان؛ رێوشوێنی یاسایی؛ میکانیزمی هاوکاری زیاتر لە نێوان رێکخراوەکاندا؛ باشترکردنی کوالیتی خوێندن و پەروەردە؛ چاودێریکردنی بازاڕ و شوێنی کارکردنی منداڵان؛ بەشداری پێکردنیان لە کۆمەڵگا؛ ڕاهێنانی پێشکەشکارانی خزمەتگوزاری حکومی و ناحکومی لەبارەی هەلخەڵەتاندنی سێکسی منداڵان ؛ زیادکردنی خزمەتگوزارییەکانی پاڵپشتی (شوێنی سەلامەت/پەناگە، یارمەتی یاسایی، ڕاوێژکاری، و پشتیوانی خزمەتگوزارییەکانی سەنتەری ڕزگاربوو بۆ ئەو منداڵانەی کە هەڵخەڵەتێنراون)؛ خزمەتگوزارییە تایبەتەکان بۆ کوڕان؛ زیادکرنی هۆشیاری تەندروستی منداڵ بوون و پەروەردی سێکس بۆ منداڵان کاتێک دەگەنە تەمەنی پێگەیشتن؛ لێپێچینەوە لە تاوانباران.

**نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵان و شەڕی چەکداری سەردانێکی فەرمی بۆ عێراق ئەنجام دا**

پێنجشەممە، ١١ی کانوونی دووەم ٢٠٢٤

نوێنەری تایبەت داوای لە حکومەت کرد لەڕێگەی ئەو پێشکەوتنە بەرچاوەی ئێستا هەیە کاربکرێت بۆ زیاتر بەدامەزراوەییکردنی پاراستنی منداڵان لەڕێگەی دانانی ژینگەیەکی پارێزی منداڵان، ئەویش بە پەسەندکردنی ڕەشنووسی یاسای منداڵان، کاری لە پێشینە بۆ لابردنی مین و هۆشیاری مەترسی لە تەقینەوە، دڵنیابوون لە هەبوونی بەڵگەنامەی یاسایی بۆ هەموو منداڵانی عێراق و منداڵانی بیانی، بەهێزکردنی پلانی درێژخایەن بۆ دووبارە ئاشنا کردنەوەی قوربانیان لەسەر بنەمای یەکگرتنەوەی کۆمەڵگا، و چارەسەرکردنی ئەو ئاستەنگانەی ڕووبەڕووی ئەو منداڵانە دەبێتەوە کە دەستگیرکراون بەهۆی هەبوونی پەیوەندی خزمایەتی ئەو منداڵانە خۆیان یان خێزانەکانیان لەگەڵ گروپە چەکدارەکاندا.

لە کۆبوونەوەکەیدا لەگەڵ سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕێزدار مەسرور بارزانی لە هەولێر، سکرتێری گشتی خاتوو گامبا لە هەولێر جەختیکردەوە لەسەر **گرنگی زیادکردنی هۆشیاری دەربارەی کێشەکانی پاراستنی منداڵ**.

نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ منداڵان و ململانێی چەکداری کۆتایی بە سەردانە فەرمیەکەی بۆ عێراق هێنا – نووسینگەی نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی بۆ منداڵان و ململانێی چەکداری